گفتوگۆیەك لەگەڵ (سامۆئیل هانتینگتۆن)

# سنورە خوێناوییەکانی ئیسلام

وەرگێڕانی لەفارسیەوە: کارزان محەمەد



سامۆیل هانتینگتۆن، ئوستادی زانکۆی هارڤارد و بەڕێوەبەری ئەنیستیتۆی جۆن ئۆلیەن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی لەهەمان زانکۆدا. هانتینگتۆن لەدایکبووی ساڵی (١٩٢٧)ەو لە زانکۆکانی ییل، شیکاگۆ و هارڤارد خوێندویەتی. جگەلەوەی لەنێوان ساڵی (١٩٥٩-١٩٦٢) وەك بەڕێوەبەری ئەنیستیتۆی ( توێژینەوەی جەنگ وئاشتی) لە زانکۆی کۆڵۆمبیا سەرگەرمی وانەوتنەوەو توێژینەوە بوو، نزیکەی تەواوی پێشینەی ئەکادیمییەکەی لە زانکۆی هارڤارددا بووە. لە ساڵانی (١٩٧٧) و (١٩٧٨) لە پلەی هاوکاری بەرنامەڕێژییەکانی ئاسایشی (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) ی کۆشکی سپیدا" کارابووە. پرۆفیسۆر هانتینگتۆن بنیادنەری وەرزنامەی (سیاسەتی دەرەوە) و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی بووە لەساڵی (١٩٧٧)دا. هانتینگتۆن نوسەر یاخود هاوکاری نوسەری زیاتر لە (١٢) کتێب و (٩٠) وتاری زانستی و لێکۆڵینەوەیی بووە. ناسراوترین کتێبی کە ناوی (تیۆری لێکدانی شارستانییەکان)ە و لە (١٩٩٦)دا بڵاوکرایەوە، بۆزیاتر لە (٣٢) زمان وەرگێڕدراوە.

*ماوەی دەساڵ لەمەوپێش جەنابت وتاری الێکدانی شارستانییەکان)ت نوسی و هەمان وتار لەساڵی (١٩٩٦)دا لەژێر هەمان ناونیشاندا کرا بەکتێب کە بۆ (٣٢) زمان وەرگێڕدرا، ئایا ڕووداوی (١١)ی سێپتامبەر تیۆرەکەی تۆی سەلماند؟

– بەهەندێ جیاوازییەوە، بەڵێ!.

* ڕووداوەکانی (١١)ی سێپتامبەر بەتەواوەتی تیۆرەکانی تۆی پشتڕاست کردەوە. جەنگی نێوان دوو دەوڵەتی سەدەی نۆزدەهەم و یاخود لەنێوان دوو بیروباوەڕی سەدەی بیستەم نەبوو، بەڵکو هێرشی گروپیی ئیسلامی بوو بۆسەر سیمبوڵی خۆرئاوا واتا ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا؟

– بەهەمانشێوەیە. ئەوانە کۆمەڵەکەسانێکن کە ناسنامەی خۆیان بەوابەستەی جیهانی ئیسلامی دەزانن. ئوسامە بن لادنیش لە ململانێ کلتورییەکان دەدوێ. بەلای ئەوەوە جەنگە دژبە مەسیحی و جولەکەکان. بێگومان، ئەگەرچی لێکدانەکە سنورداربوو. دوای (١١)ی سێپتامبەر وتم کە ئەم ڕووداوە نابێ ببێتەمایەی دەستپێکی لێکدانی خۆرئاوا و جیهانی ئیسلام. لێکدانێکی ڕاستەقینەی جیهانیی تەنها کاتێك ڕوودەدات کە دەوڵەتان و کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بچنە تەك بن لادنەوە.

* لەجەنگی کەنداوی فارسدا، هەندێ لەوولاتانی عەرەب دژبە عیراق چوونەگەڵ ئەمریکا، لەگەڵ ئەمەشدا تاهەنوکە نزیکەی زۆرینەی جیهانی ئیسلام سەرپێچیخۆیان دژبەئەمریکا و ئیسرائیل نیشان داوە کە هەردووکیان بەنوێنەری خۆرئاوا دەژمێردرێن، ململانێی نێوان شارستانییەکان بەرواڵەتییانە هاتۆتەئارا؟

– سەرچاوەی دەسەلاتی تەواو بۆ دەستپێکردنی ململانێ هەن. بەگژداچوونی کلتوری لەدوو ناوچەدا خۆیان نمایش کردووە کە پاکستان و هیندستان و ڕاپەرینەکان کۆمەڵەنمونەیەکی ئەوانەن. تەواوی موسڵمانی جیهان خۆیان بەهاوپشکی ئەو ڕاپەرینە دەزانن. و ململانێکان بەرفرە دەبن.

* تیۆرەکەی تۆ لەسەرەتاوە بەتوندی ڕەخنەی لێگیرا. بەلام هەموو ڕۆژێك ژمارەی ململانێکانی نێوان شارستانییەکان زیاتر دەبێت. موسڵمانان دژبە هیندییەکان لەهیند، دژ بەمەسیحییەکان لە نەیجیریا، دژبە جولەکەکان لەرۆژهەلاتینزیك؟

– نیوەییەکەمی سەدەی بیستەم، سەردەمی جەنگە جیهانییەکان بوو. نیوەی دووەم، سەردەمی جەنگی ساردو، سەدەی بیست و یەکەم بەسەردەمی جەنگە ئیسلامییەکان دەست پێدەکات.

* جەنگە ئیسلامییەکان چ جۆرە جەنگێکن؟

– سەرەڕای ئەو ململانێیانەی کە ناوبردران، پێویستە ململانێ و شەڕەکانی چیچان، ئازەربایجان، ئەفغانستان، ئاسیای ناوەڕاست، کشمیر، فلیپین، سودان و بەتایبەتی رۆژهەڵاتی‌نزیکیشی بۆ زیادبکرێت. جەنگە ئیسلامییەکان، ئەو جەنگانەن کە موسڵمانان دژبە ناموسڵمانان و هەروەها دژبەخۆشیان دەیکەن. لەسەرئەم بنەمایە، بەگژداچوونی کلتوریی نییە، بەڵکو بەگژداچوونەوەی کلتورێکە کە ناوی ئیسلامە دژبە ئەوانیتر.

* ئاغای هانتینگتۆن، ڕستەیەکت ناوبانگێکی جیهانی هەیە، چونکە وتوتە کە ئیسلام کۆمەڵەسنورێکی خوێناوی هەیە؟

– بەهەمان شێوەیە.

* بەچ بەڵگەیەک؟

– بەڵگەکەی ئەوە نیە کە ئیسلام خۆی لەخۆیدا ئایینێکی خوێناوییە. لێرەدا فاکتەرگەلێکی جۆراوجۆر دێنە گەمەکەوە. یەکێك لەوانە هەستیاریی مێژوویی موسڵمانان و بەتایبەتی عەرەبەکانە کە خۆیان بە خوێنمژراو دەزانن لەلایەن خۆرئاواوە. فاکتەرێکیتر کینەیەکە کە بەهۆی سیاسەتەکانی خۆرئاواوە بەتایبەتی لەمەڕ پشتگیریی ئەمریکا لە ئیسرائیلەوە دروست بووە. فاکتەرێکیتر هەرەمی دانیشتوانی جیهانی ئیسلامە. دانیشتوانی نێوان (١٥ تا ٣٠) ساڵە زۆرترین دانیشتوانی ئەم وڵاتانە پێك دەهێنن. ئەوانە لەماڵی خۆیاندا کاریان پێ‌پەیداناکرێت و هەربۆیەشە کۆچ بۆ ئەوروپا دەکەن. هەندێ لەگروپە ئیسلامییەکان ئەوانە کێش دەکەن، ئەلقاعیدەش پارەودراوێکی باش دەدەت.

* لەسەرئەم بنەمایە بەگژداچوونەوەی کلتوریی بەهۆی فاکتەری دانیشتوانەوەیە کە سودی نێگەتیڤانە لەبێکاری لاوان وەردەگرێت؟

– هۆکارو دەرئەنجامی یەکترن. کۆمەڵگا پیرەکان ناچنە جەنگەوە، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە بوترێت کە موسڵمانان ڕقیان لەزۆرینەی شتەکانی خۆرئاوایە.

* ئەوروپا لەبەرئەوەی کە پیروپەککەوتەن لەئاشتی بەهرەمەندبوون؟

– ئەوروپاییەکان کاتێك کە هەرەمی دانیشتوانەکەیان هاوشێوەی جیهانی ئیسلام بوو واتا سەدساڵ لەمەوپێش، زۆر توندوتیژ بوون. جینۆسایدی جەنگی جیهانی یەکەم تەنها بەهۆی ئەو فاکتەرەوە بوو کە پیاوانێکی زۆر بۆ بەکوشتدان هەبوون. نابێ ئەم فاکتەرە ڕەچاو نەکرێت لەساڵی (٢٠٢٠)دا ئەم هەرەمە کەم دەبێتەوەو ئەم گۆڕانە دەبێتەمایەی ئەوەی کە دروستبوونی پەیوەندییە ئاشتیخوازانەکان لەگەڵ جیهانی ئیسلامدا سادەتر بێت.

* تا ساڵی (٢٠٢٠)، چۆن؟

– پێویستە فاکتەرێکیتر لێرەدا لەبەرچاوبگیردرێت و ئەوەش مایەی نیگەرانییە لەخۆرئاوا بەتایبەتی ئەمریکا. بەرلە (١١)ی سێپتامبەر زۆرینەی ئەمریکاییەکانی لایەنگیری چیچانییەکان و کشمیرییەکان بوون. لایەنگیریی خۆرئاواییەکان بەتایبەتی ئەمریکاییەکان لەفەلەستین بەهێزتربوو.

* ئەگەر ئەمریکا خۆی لە هاریکاریی ئیسرائیل ببوێرێت، ئایا سنورە خوێناوییەکانی ئیسلام کۆتایی دێت؟

– سنورە خوێناوییەکان دەرکەوتەیەکە زۆر لە ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین بەرفراوانترە. لەگەڵ ئەمەشدا گومان لەوەدانییە کە موسڵمانان، ئەمریکایان بەوڵاتێکی پشتیوانی ئیسرائیل داناوە کە ئاسایشی ئیسرائیل بەبەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی دادەنێت.

* ئەو کێشانەیتر کە موسڵمانان دژ بەناموسڵمانان دەبزوێنێت، کامانەن؟ لەنێجیریاوە تا فلیپین؟. ابەرنارد لویس)ی ئیسلامناسی‌مەزن لەوباوەڕەدایە کە ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ خۆرئاوادا کێشەی هەیە.

و/کارزان محەمەد

هەرئەویش لە لێکدانی شارستانییەکان دواوە؟

– ڕاستە و بەرلە من، ئەو ئەوەی بە کاردانەوەیەکی مێژوویی شارستانییەتێکی دوژمنی دێرینەی داناوە دژ بە میراتی جولەکە و مەسیحی و کۆمەڵگای عەلمانییەت.

لەڕاستیدا کێبەرکێیەکی‌مێژوویی لەسەدەی حەوتەمەوە واتا لەسەردەمی دیلکردنی باکوری ئەفریقا، ڕۆژهەڵاتی‌نزیک و بەشێك لەئەوروپاوە" هاتۆتەئارا. لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئەم کێبەرکێیە بەداگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی‌نزیک لەلایەن ئەوروپاوە سەرلەنوێ بوژایەوە.

* تۆ هەروەها لەمەڕ سەرپێچی ئیسلام لەگەڵ هەندێ لە بیروباوەڕە خۆرئاواییەکان بەتایبەتی تاکگەرایی، لیبرالیزم، یاساگەرایی، مافەکانی مرۆڤ، یەکسانی ڕەگەزی و دیموکراسی نوسیوتە؟

– پێویستە لەناو ئینتما و گروپەکاندا جیاوازی دابنێین. بێگومان زۆرێك لەموسڵمانان باوەڕیان بەهەمان ئەو ئایدیایانە هەیە، بەڵام پێدەچێت کە ئەوانە کەمینە بن و دەسەڵات و ڕۆڵیان نەبێت. زۆرینەی سیستەمە سیاسییەکانی جیهانی ئیسلام" دیکتاتۆرین.

* بەمپێیە دەکرێ بڵێین کە لێکدانی نێوانیان شێوازی حکومڕانیانەیە؟

– پێویستە پرسیارەکە بەمشێوەیە بێت. بۆچی لەعەرەبستانی سعودییەدا دیموکراسی نییە؟ ڕەنگە هۆکارەکەی کلتوریی بێت، بەڵام ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی ڕاڤە دەکەین. تورکیا نیمچە دیموکراسییە. بانگلادیش دەوڵەتێکی دیموکراتی هەیە. پاکستانیش هەندێك کات دیموکراتی بووە، لەوباوەڕەدانیم کە ئیسلام دیموکرات نەبێت.



هانتینگتۆن

* بەمپێیە ئیسلامیی عەرەبی دیموکراتی نییە؟

– ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەم ناوچەیەدا جگە لە لوبنان، دیموکراتی تیادا نییە. بەڵام لوبنان وڵاتێکی زیاتر مەسیحیی بوو تا موسڵمان. کاتێك کە زۆرینە گۆڕدرا، جەنگی ناوخۆیی دەستی‌پێکرد. لەگەڵ ئەمانەشدا، ناکۆکی گەورە لەنێوان چل وڵاتی ئیسلامیدا هەیە.

* تۆ هەروەها لەمەڕ پەیوەندییەکانی ئیسلامیش دواویت. بۆ نمونە لێشاوی چەکی چینی و کۆریای باکور بۆ خۆرهەڵاتی نزیك، ئەمە مەسەلەیەکی کلتورییە یاخود سیاسی؟

–بنەڕەتەکەی بەرژەوەندیی هاوبەشە. بەڵام کلتورەکان زۆر جیاوازن. بەرژەوەندییە هاوبەشەکان یەك ناکۆکیکاریی هاوبەشیان هەیە کە ناوی ئەمریکایە. سیاسەتی ئیمپریالیستی هیچکاتێك کۆتایی نایەت، بەڵکو لەڕێگەی کلتور و ئایینەوە بەهێز دەکرێن. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم تیۆرییە ڕەهاش نییە. بۆ نمونە هاوپەیمانێتی ئیسرائیل و تورکیا ببینە.

* هەنوکە نمونەی‌تریش هەن کە ناکۆکە لەگەڵ تیۆرەکەی تۆ لەسەربنەمای بەگژداچوونەوەی کلتورەکان. تۆ ڕووسیا وەك ناوەندی مەسیحییەتی ڕۆژهەڵات ناودەبەیت، بەڵام ئایا ئەم کلتورە ڕۆژهەڵاتییە ئینتمای بەرەو ڕۆژئاوا چووە؟

– ڕووسیا لەسەردەمی پەترۆسی گەورەوە ئینتمای بەرەو ڕۆژئاوا پەیداکرد. خۆرئاواگەرایی و مۆدێرنەبوون چۆتە بەشێك لە مێژووی ڕووسیاوە. بەڵام هێشتا هەرزە ناکۆکەکانیش هەن کە بەسلاڤ ناودەبرێن. لەسەرئەم بنەمای ئەم بیروباوەڕە دەبێ

چارەنووسی ڕووسیا لەگەڵ خۆرئاوادا جیاواز بێت. ئەم ئینتمایە لە بەلشەفیزمیشدا دەبینرێت. لەژێر دروشمی سوردا: جیاواز و باشترین. ئاینده هی ئێمەیەو خۆرئاواش دەنێژین.

* ململانێی ناوخۆیی کلتورەکان هەندێکجار توندترن لەلێکدانی نێوان کلتورەکان. عیراق هێرشی کردە سەر ئێران و کوێت. لەلایەکیترەوە تورکیا زیاتر لەیەکێتی ئەوروپاوە نزیکتر دەبێتەوە؟

– بەدڵنیاییەوە لێکدانی توند لەناو ئیسلامدا هەیە. هەروەکچۆن لەکتێبەکەمدا ئاماژەم بۆکردووە. ئێستاش کە لەتورکیا دوایت، ئەم وڵاتە نزیکەی بیست ساڵە کە هەوڵ بۆ چوونە یەکێتی ئەورپاوە دەدات، بەڵام لەدواڕیزدا ڕاوەستاوە.

لهستان، ستونی، لیتوانیا بەرەو بەرزی دەچن بەڵام تورکیا نەخێر. چونکە یەکێتی ئەوروپا لەوباوەڕەدایە کە پەیوەندییان لەگەڵ ناواخنی ئەودا نییەو ڕەنگە هۆکارەکانی، کلتوریی بێت.

* خەسڵەتی هاوبەشی وڵاتانی نمونەی ئۆزبەکستان یاخود قەزاخستان لەگەڵ میسر، جەزائیر و یا عیراقدا لەچیدایە؟

– هەموو ئەم وڵاتانە موسڵمانن و هەموویان خاوەنی بزووتنەوەی توندڕەویین. ڕژێمەکانیان بەتوندیی تۆتالیتارییین. لەبەرچاوترین مەسەلەی ئەو وڵاتانەی کە سەربە یەکێتیسۆڤییەتی پێشوو بوون، ئەوەیە کە ڕەوتی دیموکراتیزەبوون و ڕیفۆرمە ئابورییەکانیان لەناوخۆی سنورە دیاریکراوەکانەوە ئەنجام دەدرا. تەواوی ئەو وڵاتانەی کە سەردەمانێك سەربەوڵاتانی خۆرئاوا واتا ئەوروپای ناوەندی بوون، گەشەیەکەی بەرچاویان کرد. خاوەن کلتورە ئارتدۆکسییەکان واتا بولغارستان، بیلاڕووسیا یا ئۆکراین لەوان دواکەوتووترن. ئەلبانیای موسڵمان و خەڵکانی پێشووی یەکێتی سۆڤییەت لە ئاسیای ناوەڕاست زۆر دواکەوتووترن.

* بەرسەرنجدان بەڕەوتی گەشە لەدیدگای تۆوە، ئایا ئیسلام خاوەنی کلتورێکی دواکەوتووە؟

– تەنها لەمەسەلە سیاسی، ئابورییەکان نەك لەمەسەلە کلتورییەکان. لەناو (٢٥) وڵاتی سەربە بلۆکی سۆڤییەتی پێشوو، گەشەی دیموکراسی و ئابوری وابەستەیە بە ناکۆکییە شارستانییەکانەوە. بۆچی لهستان لەئۆکرانیا لەپێشترە لەکاتێکدا کە ئۆکراین بەیەکێك لەچوار بزوێنەرەکەی یەکێتی سۆڤییەت دەژمێردرێت.

* دەرئەنجامەکەی وابەستەیە بە چارەنووسی کلتورییەوە؟

– چارەنوسیی کلتوریی نییە. بەڵام لەخاڵی تێڕوانینی مێژووەوە، کلتور هێزێکی بەدەسەڵاتە و ئەمڕۆش بەهەمان دەسەڵاتەوە ئامادەگیی هەیە.

* ئایا لێکدوورکەوتنەوەی کلتوریی لەرۆژئاوا لەگەڵ بوونی هاوپشکبوون لە کلتوردا، ئامادەگیی هەیە؟ لێکدانی نێوان ئەمریکا و ئەوروپا بەرەوزیادبوون دەچێت. لەمەڕ دادگای سزای نێودەوڵەتی و کۆنفرانسی کیوتۆ ناکۆکیی تێڕوانین هەیە و نزیکەی هیچ وڵاتێکی ئەوروپایی ئامادەی بەشداریی نەبوون لەجەنگ دژ بەسەدامدا؟

– لەقۆناغی یەکەمدا پێویستە کلتورو پێکهاتە جیابکەینەوە. واتا لەپێکهاتەی دەسەڵاتی جیهانی لەسەردەمی جەنگی ساردا، دوو جەمسەر هەبوون، بەڵام هەنوکە یەك جەمسەر و چەند دەسەڵاتێکی ناوچەیی هەن. لەنێوان دەسەڵاتە

ناوچەییەکان و جەمسەردا، لێکدانی سروشتی هەیە، چونکە ئەمریکا خاوەنی بەرژەوەندییە لەهەموو جیهاندا و لەئەنجامدا لەگۆشەو کەنارەکانی جیهاندا ڕۆڵی خۆی پیادەدەکات. لەلایەکیترەوە دەسەڵاتە ناوچەییەکانی یەکێتی ئەوروپایی، ڕووسیا، چین، هیندستان، بەرازیل هەوڵ دەدەن سەرجەم کاروبارەکان بەرەو بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بەرەو شوێنێک کە لەگەڵ خۆیاندا گونجاو بێت" بەئاڕاستەدا ببەن. ئەم دۆخەش دەبێتەمایەی گرژیی.

* بەمشێوەیەبێ کێشی پێکهاتەکان زیاترە لەکلتورەکان؟

–لەڕاستیدا نەخێر. ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا خاوەنی کلتورێکی خۆرئاوایی هاوبەشن. لەئەنجامدا لۆژیکی کلتور لەبەرامبەر لۆژیکی دەسەڵاتدا جێگیردەبێت. بۆنمونە دوای (١١)ی سێپتامبەر، پێکەوەیی کلتوریی بووبەمایەی ئەوەی کە شەپۆلێکی پشتیوانی و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکادا دروست ببێت. ئەوروپاییەکان خۆیان بەبەشێک لەکلتوریی خۆرئاوایی هاوبەش دەزانی. بەڵام هەنوکە لۆژیکی دەسەڵات بۆتە ئەلتەرناتیڤی و هەندێ لە ناکۆکییە دێرینەکانیش بوژاونەتەوە. ئەوروپاییەکان نایانەوێت لەجەنگی دژبەعیراقدا، لایەنگیری بەرەیەکی تایبەت بکەن و لەهەمانکاتدا ڕەخنەشیان لە جەنگی دژبەتیرۆریزم گرتووە. پێویستە ناکۆکییە ئابوریی و ئاکۆلۆژیکەکانیش ئیزافەی مەسەلەناوبراوەکان بکرێت.

لێکدانی نێوان دەسەڵاتەکان ڕوویەکیتریشی هەیە. دەسەڵاتەکانی دەستەی دووەم کە نایانەوێت بچنەژێر دەستی دەسەڵاتێکی ناوچەییەوە، دەبن بەهاوبەشیی سروشتیانەی ئەمریکا.

* وەک بەریتانیا؟

– پەیوەندییەکلتورییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا زۆر نزیکە. مەبەستم وڵاتانی نمونەی لهستان، ئۆکراین و ئۆزبەکستانە کە پەیوەندییەکی زۆرگەرمیان لەگەڵ ئەمریکادا هەیە. چونکە نایانەوێت سەرلەنوێ بچنەوەژێر بەستەڵەکی ڕووسیاوە.

* پاشان هاوسەنگی سیاسی کلاسیک زۆر گرنگە؟

– نەخێر. هەردووکیان واتا کلتور و پێکهاتە هەردووکیان گرنگن. لێکدوورکەوتنەوەی کلتوریی کەپێشتر ئاماژەمان بۆکرد، لەهەمان شوێندا ڕوودەدات. واتا کاتێک کە دەسەڵات و کلتور لەیەکتر نزیک دەبنەوە و لەئەنجامدا ناکۆکی نێوان ئەمریکاو ئەوروپا توندتر دەبێت. بەڵام ئەمریکاو ئەوروپا لێکدانەکانیان بەجەنگ ئەنجام نادەن. ئەگەری ئەوەهەیە کە لێکدانەکانی نێوان هیندستان و پاکستان، ئیسرائیل و عەرەبەکان و چین و ئەمریکا ببێتەمایەی جەنگ.

* یەکێکیتر لەڕستە بەناوبانگەکانیتۆ ئەوەیە کە: ئەوانیتر دژ بەخۆرئاوا. بەڵام ئەگەر گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئەوروپا لەبەرچاوبگرین، ئایا دەکرێ ڕستەکەی تۆ

بەمشێوەبە بگۆڕدرێت: پاشماوەی جیهانی خۆرئاوا دژ بەئەمریکا؟

—نەخێر. چونکە کلتوری هاوبەش، لێکدانی نێوان دەسەڵاتەکان کەم دەکاتەوە. ڕاست بەپێچەوانەی چین کە ناکۆکی کلتوریی ناکۆکی بەرژەوەندییەکانیش زیاد دەکات.

* بەمپێیە هەنگاوە توندوتیژەکان هیچکات لەدادگای سزای نێودەوڵەتیدا ناخرێتەڕوو؟

—ئەم ئەگەرە هەیە. لێرەدا لێکدانی نێوان دەسەڵاتەکان هاتۆتەئارا. ئەمریکا نایەوێت خۆی گەمارۆدراو و سنوردار بکات. چونکە سەربازانی ئێمە لەتەواوی جیهاندا ئامادەگیان هەیە و نایانەوێت خۆیان دووچاری ڕەوتە سزاییەکان بکەن.

* ئێمە لەڕابردوودا خۆمان لە ململانێی بیروباوەڕیی و سیاسی ئیمپریالیستی بواردووە. خۆرئاوا بەسەر ئەڵمانیای نازیدا سەرکەوت. یەکێتی سۆڤییەت لەخاڵی تێڕوانینی سیاسی و سەربازییەوە ژێرکەوت. بەڵام چۆن دەبێ بچینە بەگژداچوونەوەی کلتورییەوە؟ و دژ بەکێ؟

— ئەم مەسەلەیە وابەستەییەکی زۆری بە گۆڕەپانی ڕووداوەکانەوە هەیە. ئەلقاعیدە بابەتێکی تەواو نوێیە. بوش لەسەر جەنگی دژبە تیرۆریزم دەدوێت. لەخاڵیتێڕوانینی سیاسییەوە چەمێکێکی هەمووەکییە، چونکە هەموو جیهان ناکۆکە لەگەڵ تیرۆریزمدا. بەڵام خاڵی تێڕوانینی پراکتیکیی، کێشە دروست دەکات. چونکە ئەم زاراوەیە دەکرێ جەنگی جۆراوجۆر لەخۆبگرێت.

* ڕووسەکان، چیچانییەکان، ئیسرائیلییەکان" سەرجەمیان خۆیان بەدوژمنی تیرۆریزم دەزانن. بەڵام ململانێیان لەسەر دەسەڵاتداریێتی خاکەکان خۆی چڕدەکاتەوە. جەنگی ئەلقاعیدە دژبەئەمریکا مەسەلەیەکیترە. چونکە ئەم جەنگە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتداریێتی خاك نییە؟

— بەڵێ.

* جەنگ دژ بەشارستانییەتە؟

— بێگومان.

* پێویستە چۆن بەگژ جەنگێکی لەوجۆرەدا بچینەوە؟

— بەرلەهەرشتێك پێویستە پشتگیرییەکانی ئەلقاعیدە ببڕدرێت. کاتێك کە ئەوجۆرە گروپانە و یاخود ئەو وڵاتانە لەگەڵ بەرەی تیرۆریزمدا یەکبگرن، کێشەکانیان بەرەوزیادبوون دەچێت. بەهەمانشێوە کە لە سربستان ڕوویدا. بەهەرحاڵ پێویستە ئەلقاعیدە لەناو وڵاتانی ئیسلامیدا نەمێنێت. بێگومان کارێکی ئاسان نییە. چونکە لەزیاتر لە پەنجا، شەست وڵاتی دنیادا" چالاکە. پێویستە ئەم وڵاتانە بخەینە بەرەی خۆمانەوە. لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەتی بوش دوای (١١)ی سێپتامبەر کێشەیەکی گەورەی هەبوو. ئەو کێشەیەش ئەوە بوو کە چۆن دەتوانرێت پشتیوانی ئەو دەسەڵاتە ناوچەییانەی کە بەشێوەیەکیئەوتۆ لەگەڵ ئەمریکادا دۆست نین، وەك ڕووسیا، چین، و تەنانەت ئێرانیش" کێش بکرێن.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (پاسدار اسلام)، ژمارە (١٨).